

لاوان
ئۆرگانی یەکیەتی لاوانی
دیموکراتی کوردستانی ئێران
ژمارە
٣١
هاوینی
١٣٨٧
فایلی تایبەت:
سیستمی پەروەردە و لاوان




سالی هەشتەم، ژمارەی سێیەم، هاوینی ۱۳۸۷ ، ۲۰۰۸

گۆڤاری "لاوان"، گۆڤارێکی وەرزانەی لاوانەیە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەری دەکا

بەرێوەبەری نووسین:
ئەفراسیاب گرامی
afrasyab_g@yahoo.com

خاوەن ئیمتیاز:
دارا ناتق

سەرنووسەر:
گەلاوێژ مێهفەر

دەستەی نووسەران:
شەریف فەلاح
کەیوان فاتحی
مەجید جنیکانلوو
شەفیع رەوشەنی
رەحیم ئەحمەدی پوور
ئومید ئەسفەران

www.lawanweb.com
lawan_gowar@yahoo.com

مۆنتاژی بەرگ و ناوەوەی گۆڤار:
رەئووف خەتیبی
xetibi2008@yahoo.com

## پێرست


| بابەت | نووسەر | ڕووپەڕ |
|---|---|---|
| سەروتار | | ۳ |

**...ی ژماره**

| | | |
|---|---|---|
| ـ لاو کورد: سیستمی پەروەردە | ئاسۆ سالح | ۵ |
| ـ دیمانەیەک لەگەڵ سەلام ئیسماعیلپوور | | ۱۱ |
| بۆچی دەبێ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی .... | ئارەش دێکلان | ۱۲ |
| ـ پەروەردەی زانستی و تەربیی ... | شەفیع رەوشەنی | ۱٦ |
| ـ هەیەڤینێک لەگەڵ رووناکبیر جەبار جەماڵ غەریب | | ۱۸ |
| ـ لەمەڕ پەروەردە و ئەرکەکانی | جەلال کشوەردووست | ۲۳ |
| ئاکی وی زان و ژیانی ئەدیق | شەهین محەممەدی | ۲۵ |
| ـ وتووێژێک لەگەڵ ئازاد مورادیان | ئا: شەریف بێهرووز | ۲۷ |
| ـ دابەزینی ئاستی خوێندن و رێگاچارەکانی | و: سمایل چووکەلی | ۳۱ |

**رامیاری**

| | | |
|---|---|---|
| ـ دیدارێک لەگەڵ دارا ناتق سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان | | ۳۳ |
| ـ کورد و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | مەجید جنیکانلوو | ۳۵ |
| ـ قەڵاچۆکردن یان دادبینی زیندانیە سیاسییەکان | لوقمان مێهفەر | ۳۸ |
| ـ هۆکارەکانی توندوتیژی و رەهەندەکانی | و: رێبوار کشوەردووست | ٤۱ |
| ـ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ... ... | تاهیر ئیسماعیلپوور | ٤٤ |
| رۆڵی لاوان لە رووداوەکاندا | محەممەد سولتانی | ٤٥ |
| کۆنگرەی چواردەم | سەلاح سەمەدی | ٤٦ |
| هەڵبەتیی نەتەوەکانی ئێران. ... | ئەلناز تورک | ٤۷ |
| لاوان: هێزی پۆڵاینی گەل | سەرەند باریکە | ٤۸ |

**هزر و رامان**

| | | |
|---|---|---|
| ـ شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی .... | ئ.ف | ٤۹ |
| ـ ۲۰ ئوانەی خەبات و ژیان | ئا: لاوان | ۵۰ |
| ـ ناوەرۆکی دێموکراسی | کەیوان فاتحی | ۵۳ |
| ـ ئازادیی ئەرێنی و ئازادیی نەرێنی | سەعید مەتاعی | ۵۵ |

**ئاوێنە**

| | | |
|---|---|---|
| ـ ئاکۆکیی منداڵانی پۆلی شەشەمی (ب) | دەریا نەقشبەندی | ۵۷ |
| ـ شێعر: یادگارییەک لە تۆ؛ گوڵی تەنیا شەوەزەنگ | | ۵۸ |
| ـ هەڵپەیڤین لەگەڵ خاتوونی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر | | ۵۹ |
| ـ وتووێژ لەگەڵ هونەرمەند فاروق سولتانی | | ٦۱ |
| ـ چۆن دێت مردن... | و: سەلاح کۆنەپۆشی | ٦۲ |
| ـ قەرموش | برایم شێری | ٦٤ |
| ـ مافی خاوەندارێتی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەکێیە؟ | لاوان | ٦٦ |
| ـ تەنز | | ٦۸ |

**کۆمەڵگا**

| | | |
|---|---|---|
| مێژوو بەرەو پێشەوە: مافەکانی ژنان بەرەو دوا دەچێ | ئەسرین محەممەدی | ٦۹ |
| ـ مافێک بۆ پێکەوەبوونی لاوانی کورد | هەڵپەیڤین: سمکۆ بێکەس | ۷۱ |
| ـ مایکرۆسۆفت وۆرد | | ۷۳ |
| ـ چرکەیەک لە ئەڵماشەوە | یاسیم مورادی | ۷۵ |
| ـ پەروەردەی باشی منداڵ | و: گەلاوێژ مێهفەر | ۷۷ |
| ـ ئیز باشتر بناسین... | ئا: سیروس ئەڵاوێردی | ۷۹ |
| ـ مادە سڕکەرەکان .... | فواد حەقیقی | ۸۰ |
| ـ گەشبینی و هیوا لای لاوان | ژیاوە ئیکچوون | ۸۳ |

| | |
|---|---|
| **وەرزش** | ۸۵ |
| **کار و خەبات** | ۹۰ |
| **بەشی کرمانجی** | ۱۰۵ |




# سیستمی پەروەردەو لاوان

## "سیستمی پەروەردەی ئەمریکا وەک نموونە"

## لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ئازاد مورادیان

- هەڤپەیڤین: شەریف بێهرۆز



پ: پەروەردە هەمووکات لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەبووەو پێگەیشتنی کۆمەڵێش لەسەر بنەمای پەروەردەو پێگەیاندن بووە کە جیهانێکی پڕ لە داهێنەری نوێو تازەی خوڵقاندووە، بەڕای جەنابتان، پەروەردە چ واتایەکی لە نێو کۆمەڵگادا هەیە؟ (کورتەیەک لە مێژووی پەروەردەی وڵاتە یەکگرتووەکان)؟

هاوڕێ خۆشەویست زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە تەرخانتان کردووە بۆ باس لە سیستمی پەروەردە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ئەگەر ئیزنم دەیەی وڵامی پەرسیارەکانت بە پێشەکیەک لە سەر سیستمی پەروەردە لە ئەمریکا دەست پێ بکەم. سیستمی پەروەردە لە ئەمریکادا لە لایەن دەوڵەتی فیدراڵ بۆ هەموو پارێزگاکانی ئەمریکی دابین کراوە. بنەمای ئەمەش یاسای پەروەردە لە سەر جەختکردنەوەو بەزۆری‌کردنی خوێندنی وانەو بارهێنانی منداڵانو لاوان دامەزراوە. هەروەها ئەم یاسایە دژ بە هەر رەگەزپەرەستی لە بواری نەتەوە، ئایینو رەنگی پێستو بیرو بۆچوونو جەستەیەوەیە. ئەم یاسا دوا لە پارێزگاکان یان ئەیالەتەکان دەکەن کە چاودێری فێربوونی منداڵانو لاوان لە تەمەنی ٥ ساڵی تا ١٨ ساڵی لە ئەستۆی ئەوان دایە. کە ئەم تەمەنە لە باخچەی منداڵان تا ساڵی کۆتایی ناوەندی دەگرێتەبەر "kindergarden – 12years school". منداڵ لە ٥ ساڵییەوە دەچنە نێو ئەم سیستمە، لە ٦ ساڵیدا دەچنە پۆلە "یەکەمی سەرەتایی"، لە تەمەنی ١١ ساڵی دەچنە ناوەندی، سەرەتایی یان Middle schoolو دوای ٣ ساڵ دەچنە ناوەندی سەرەوەیان High school کە ٤ ساڵ درێژەی هەیە. خوێندنی باڵا ئیجباری نیە لە یاسای فێر بوونو بارهێناندا، بەڵام ئیمکاناتی فراوانو بەربڵاو بۆ خوێندنی باڵا دابین دەکەن. لە ئەمریکا نزیک بە ١٢٥٠٠٠ قوتابخانەی دەوڵەتیو ناوچەیی یان ناحوکمی هەیەو بەشێک لە کاری فێربوونی منداڵان لە لایەن دایکو باپیانەوە بەڕێوە دەچێ کە زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری جیاوازیی بنەماڵەو تێڕوانینیان لە قوتابخانەی حوکمی یان ناحوکمی. هەروەها کە دەزانن یاساکانی فیدراڵ وەک یاسای سەرەتاییو سەرانسەریە کە چاودێری بەسەر بیرو هەستی نەتەوەیی لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا دەکات، بەڵام هەر ئەم یاسایە ئیزنی ئەوەی داوە کە هەر پارێزگایەک سەربەخۆ بێت لە زیادکردنی یاساکانی نێوخۆی پارێزگاو بە هۆی کولتووری جیاوازو پێداویستیو بەرژەوەندییەکان بەو مەرجەی کە دژ بە یاسای فیدراڵ نەبێت. وەک نموونە پارێزگا یان ئەیالەتێک بۆی نیە کە خوێندنی تا ناوەندی ئیختیاری بکات. هەر بەو هۆیەوە ئەیالەتەکانی ئەمریکا بە جۆرێک سەربەخۆییان بە شارو شارۆچکە داوە کە بەرنامەو پرۆگرامی پەروەردەو بارهێنانیانی تایبەت بە خۆیان بەڕێوە بەرن. سیستمی سیاسی، کولتووریو ئابووری دەتوانن لە سەر سیستمی پەروەردە کاریگەریی بەرچاویان بێت. سیستمی پەروەردەو بارهێنانی ئەمریکا سیستمی لە سەرمنداڵان چڕ ئەبێتەوە یانی منداڵو داخوازییەکانی ئەو بە هۆی تەمەنو پێداویستییەکانەوە لە نێوەرۆکی سیستمدا نیە. لە وڵاتانی ئورووپاییو بە تایبەت وڵاتانی باکووری ئورووپا، ئێسکاندیناوی منداڵو لاو گرینگیان پێدەدەن. "child center system".

هەروەها هێمام پێکرد سیستمی پەروەردەو بارهێنان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا سیستمێکی دەوڵەتییە کە لە دەوڵەتی فیدراڵ تا شارەوانی شارۆچکەیەک. لە هەر قوتابخانەیەکی ئەمریکادا ئەم شێوازە وەک پارتێکی سەرجەم بەڕێوە دەچێ. بەڕێوەبەریی قوتابخانە یان رەئیس principad کە ئیزنی خستنە سەرکار یا لابردنی هەموو مامۆستایانو کارەدەستانی ئیداری یان بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی هەیە. ئیزنی جۆنیەتی خەرج کردنی دەسکەوتەکانی



# سیستمی پەروەردەو لاوان

قوتابخانەو بودجەی ساڵانەی هەیەو دەبێ بە ئیدارەی فێرکردنو بارهێنانی پارێزگا وەڵام بداتەوە.

- مامۆستایانی قوتابخانە کە مووچەخۆری دەوڵەتن بەڵام پاڵپشتێك وەك سەندیکای مامۆستایانیان هەیە کە لە بواری یاسا، مووچەو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیستم لە سەر مامۆستایان چاودێری دەکات.
- بەشی تەندروستیو لەشساغی کە بریتیە لە زیاتر لە یەك پەرەستاریان Nurse school کە پێویستیە سەرەتاییەکانی لەش ساغی منداڵان چاودێری دەکات.
- بەشی موسیقاو هونەر کە کاری بارهێنانی منداڵانی لەم چوارچێوەیە بە ئەستۆیەتیی.
- بەشی وەرزش pysial edulation کە جیاواز لە تێڕوانین بۆ وەرزش وەك وانەیێکی قوتابخانە ئیمکانی ئەوەی پەیدا کردووە کە لە دوای کاری قوتابخانە بۆ قوتابیان دەرفەتی رابواردنی کاتیان پێبدات.
- بەشی راوێژکاری دەروونناسی کە کاری یارمەتیدان بە قوتابیان بۆ هەڵبژاردنی وانەی قوتابخانە بە پێی تواناو نیازی قوتابیو هەروەها راوێژکاری دەروونناسی لە کاتی پێویست دایە.
- بەشی کتێبو کتێبخانە
- بەشی ئیدارێو تداروکات
- بەشی ئەمنیو ئاسایش کە بوونی چەند پۆلیسی تایبەت بە قوتابخانە بۆ بەرگری لە تووندیی دژ بە قوتابیان پێك هاتووە.

ئەم بەشانە لە رێگای چەند ئەنجومەنی سەربەخۆیەوە بە یەك بەستراونەتەوە، وا کە رێگای داوە هەموویان لە رێگای نوێنەرانیانەوە لە کاری یەکترو لە پرۆگرامی داهاتووی خۆیان ئاگادار بن.

- ئەنجومەنی مامۆستایانو بەرپرسی قوتابخانە
- ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانیو مشاورانو دایكو باوکانی قوتابخانە

ئەنجومەنی باوكو دایکانو منداڵانو بەڕێوەبەرانی قوتابخانە کە هەروەها دەبینین رۆڵونەقشی دایکانو باوکان لە سیستمی پەروەردەدا جیاوازییەکی زۆری پێکراوە.

کولتووری ئەمریکی بایەخێکی زۆر بە هاوکاری بنەماڵە لە چۆنیەتیی کاری پەروەردەو بارهێنانی لاوان داوە. هەر بەو هۆیەوە باوكو دایکەکان چ لە رێگای ئەم ئەنجومەنەوە چ لە رێگای داخوازی جیایەوە دەتوانن لە هەموو کاروباری قوتابخانە دا دەخاڵەت بکەنو سیستمی پەروەردەی ئەمریکا بایەخێکی زۆری بەوە داوە.

پ: سیستمی پەروەردە چ پێناسەیەك هەڵدەگرێ؟

و: سیستمی پەروەردە وەك یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشکەوتوو چۆنیەتیی فێرکردنو بارهێنانی ئەندامانی خۆی لە منداڵی تا ئەو کاتەی کە توانای فێرکردن بێت لە ئێوخۆی دەگرێ.

ئامانجی سیستمی پەروەردە لە هەر وڵات دا، فێرکردنی زمانە رەسمی، فێرکردنی کولتوورو فەرهەنگی ئەو وڵاتە، مێژووو چۆنیەتیی چەسپاندنی مێژوو بنەما کولتووریەکان، جوغرافیای وڵاتو جوغرافیای مرۆیی. چۆنیەتیی پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتی، فێرکردنی حیسابو زانستە کۆنو تازەکان، ناسینی مێژووو کولتووری وڵاتانی دیکەو لە کۆتایی‌دا بارهێنانی مرۆڤێکی زانا کە داهاتووی وڵات بە پێی هێزو توانای خوی بەئەستۆ بگرێت. سیستمی پەروەردە نوێنەری بیروڕای سیاسیو کولتووریو ئابووری یەك وڵاتەو لە بنەماکانی ئایینی کەڵکی وەرگرتووە. سیستمی پەروەردە نوێنەرو ئاوێنەی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەری ئەو کەسانەن کە بە پرسی پەروەردەیان وەئەستۆ گرتووە. سیستمی پەروەردەو سەرکەوتوویی یان دواکەوتوویی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمەی کە تا چ رادەیەك بۆ بنەماکانی خۆی بەهاو رێز دادەنێ بۆ ئەندامی خۆی وەك منداڵ، قوتابی، لاوێك، مامۆستایەكو ئەو بەرپرسانەی کە کاری رێبەرایەتیان وەئەستۆ گرتوە.

سیستمی پەروەردە هەروەها کە ئیشارەم پێ کرد لە هەر وڵاتێکا جیاوازە، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا شێوەو ئولگووی پەسەندکراو پێداگرن لە سەری، پەرەسەندنی ئابووری وڵاتو پێداویستیو ویستی دەروونیو جەستەیی لاوان دەکات. بنەمانی سیستمی پەروەردەی ئەمریکی، فێرکردنی لاوان بۆ بەڕێوەبەری سیستمی سیاسیو ئابووری ئامریکا لە داهاتوودایە. ئەمریکاو زلهێزە سەرمایەدارانی جیهان جەختی زۆر لەسەر بارهێنانی رێبەرانی داهاتووی دنیا هەیە کە بتوانن رۆڵی زلهێزی ئەمریکا بپارێزن، ئەم سیستمە لە سەر بارهێنانی کرێکاریی ئاسایی یان هێزی کاری سادە کار ناکاتو هۆی ئەوەش چۆنیەتی بۆچوونی لە داینکردنی سیستم بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان قوتابیەکاندایە. ئێستاش جیاکردنەوەی منداڵانو لاوان لە قوتابخانەدا لە ژێر چاودێری راوێژکارانو دەروونناسان هەر لە تەمەنی خوارەوە دەست پێدەکات. منداڵیش چوونی بۆ باخچەی منداڵان لە لایەنی پزشکی منداڵان وە دەبێ بەڵێنی لەشساغی جەستەییو دەروونی درابێت. منداڵانێ کە لەم لەشساغیە بێبەش بن دەچن نێو سیستمی پەروەردەی تایبەت یان Special Education منداڵانو لاوانێك کە زمانی ئینگلیزی زمانی دایكو باوکیان نیە دەتوانن لە یارمەتی تایبەت بۆ فێربوونی زمان لە چوارچێوەی پرۆگرامی ESL یان ئینگلیزی وەك زمانی دووهەم بۆ پێنج ساڵ کەڵکوەرگرن. قوتابیەکان لە ساڵی سێهەمی قوتابخانەی سەرەتاییدا بە پێی رەقەم یان دەرەجەکەیان لە تاقیکردنەوەی ساڵیانەدا لە یەك جیادەکرێنەوە. ئەم جیابوونەوانە بە جۆرێك کە جیاوازی هۆشو توانایی قوتابی لە بەرپەرەکانی لە گەڵ داهاتووی وانەی قوتابخانە دەردەبڕێ.

زۆربەی قوتابییەکان لە هەر پلەیەکا لە نێو پرۆگرامی ئاسایی وەردەگیرێن. لە ساڵی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتایی بەشێك لە قوتابییەکان کە بە هۆی تاقیکردنەوەیان بۆچوونی مامۆستایان لە زانیاری زیاتر کەڵکیان وەرگرتووە دەنێرنە نێو پرۆگرامی بەرزتر یان Highly gifted. هەر ئەم جیاکردنەوانە لە ساڵانی ناوەندیدا بەردەوام دەبێت، ئەم دەستە لە منداڵان لە سەرەتای ناوەندی خۆیان بە سێ بەش جیا دەکەنەوە. بە پێی ئەو وانەی کە بۆ قوتابیەکان دەدرێ ئەوان لە یەك جیا دەکرێنەوە کە پێیان دەڵێن پلەی زانستی سەرەوە یان Highly talented gifted، پلەی رێزو شانازییان Honor student. ئەگەر لە یەك قوتابخانەدا رێژەی ئەم قوتابیانە زۆر بێ، ئەو قوتابخانەیە بەشێکی جیاواز بۆ ئەو منداڵانە تەرخان دەکات کە لە نێو سیستمی ئەمریکا وەك Magnet school یان Highly gifted Magnet دەناسرێت. ئەو بەشە لە قوتابییەکان لە توانای فێربوونی وانەی سەرتر لە دەورەی مەتوەسستەیان هەبە لە پرۆگرامێکی بەرزتر بە نێوی Advance placement کەڵك وەردەگرن کە بەشی سەرەتایی کالیج لە ئەمریکادایە. هەروەها کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێکرد ئامانجی سیستمی پەروەردەی ئەمریکی ناسینی ئەو گەنجە لێهاتووی وڵاتە کە دەبێ داهاتووی وڵاتیان پێ بسپێردرێت، یەکێك لە رەخنەکان کە بەم سیستمە گیراوە لە سەر رێژەی ئەو قوتابیانەیە کە دەورانی ناوەندیان تەواو کردووەو بە دوای خوێندنی بەرزتردا دەڕۆن. بەشێکی زۆر لە پارێزگاکانی ئەمریکادا کەمتر لە ٣٥لە ١٠٠ قوتابیان دەتوانن دەورانی خوێندنی ناوەندی تەواو بکەنو چاو لە خوێندنی بەرز بکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بە جەخت کردنی سیستمی پەروەردە لە سەر ئەو لاوانی کە هۆشی بەرزترو توانای زیاتریان هەیە.

لە لایەنی خاوەن سەرمایەکان لە ئەمریکادا زیاتر لە یەك دەیەیە رەخنە لە سیستمی پەروەردەی ئەمریکا دەگرن، کە دەڵێن کە سیستمی پەروەردە



# سیستمی پەروەردەو لاوان

کەسانی زانا، ئەندازیارو لێهاتووو لێکۆڵینەوەر ئاداتە دەرەوەو ئەمە مەترسی دواکەوتنی ئەمریکا بەپێی وڵاتانی دیکە دەیهێنێتە ئاراوە، ئەو رەخنەگرانە دەڵێن ئەگەر ئەمریکا دەیهەوێ وەك زلهێزی ئابووریو تێکنۆلۆژی بمێنێتەوە دەبێ رێژەی لاوانی کە دەچنە خوێندنی سەرەوە زیاتر بکات.

پ: سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان هەمووکات بەربەست بوون لە بەرامبەر گەشەکردنی کۆمەڵگادا، تا چەند پەروەردەیەکی زانستیو نائایدۆلۆژیکەو سێکۆلار لە سەر سیستمی پەروەردەو ئاستی گەشەکردنی لاوان شوێندانەرەو وڵاتی ئەمریکا وەك نموونەیەك؟

و: هەروەها لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد جەخت کردنی سیستمی پەروەردەی ئەمریکا پشوودان بە خاڵە جیاوازەکان لە نێوان لاوان بۆ بارهێنانی گروپ یان دەستەیەك لە لاوانی تێگەیشتوو بۆ رێبەرایەتیی دنیای داهاتووی ئەمریکایە تەنیا لە ١٠٠ دا ٣٠ کەسیان یان کەمتر دەتوانن بۆ خوێندنی باڵا دەست نیشان بکرێن، ئەم چەشنە بۆچوونە دەگەڕێتەوە لە شێوەی تێڕوانینی سەرمایەداری بە بڕاڤی پەروەردەو بارهێنان. وەك ئەزموونێکی شەخسی لە ساڵێك کە لە سۆڤیەتی پێشوو ژیاوم یان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ ـ ١٩٩٦ کە لە وڵاتی دانیمارك ژیانم بردۆتە سەر بە جوانی جیاوازیی دوو یان سێ سیستمی پەروەردەی جیاوازم دیوە.

لە سیستمی سۆسیالیزمی سۆڤیەتدا کەسایەتی لە نێو کۆمەڵگا مانا دەکرایەوە، جەخت لە سەر تاکە کەس و ناسینی تاکە کەس جیاوازی ئەو لە گەڵ هاوساڵانی نەبوو، بۆچوونەکان بۆ کۆمەڵ روانین لە بارودۆخی کۆمەڵدا بووە. لە سیستمی سۆسیال دێموکراتی ئورووپادا هەر چەند منداڵ لە ناوەرۆکی سیستمی پەروەردەدایە بەڵام ئامانج ناسینی تاکەکەس نیە، لە وڵاتی دانیمارك دەڵێن توانا بێ لەوە بیر کەیتەوە کە سەرتر لە ئینسانێکی دیکەی. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر کەس دەبێ بە دوای دۆزینەوەی جیاوازییەکانی خۆی لە گەڵ کەسانی دیکە بێت.

من لێرەدا نامەوێ سەبارەت بەهاکان و جیاوازیی ئایدۆلۆژیکی نێوان سەرمایەداریو سۆسیالیزم نیشان بدەم، بەڵام لاوو گەنج لە کام سیستمدا رەزامەندیان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی ئەوان لە داهاتووی ژیانیان.

سیستمی پەروەردەی ئەمریکا لە واقیعدا لە سیستمی سێکۆلار کەڵکی وەرگرتووە، بە پێی یاسا بنەڕەتییەکانی خۆی کە لە سەر بنەمای فرە نەتەوەیی و فرەئایینی دانراوە سیستمی پەروەردەی خۆ دارێژراوەتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە رێگای لە پەرەگرتنی بیروڕای ئایینی یان ناسەرمایەداری گرتبێت، سیستمی پەروەردە جەختی لە سەر ئەوەی کردووە کە هەر چەشنە خوێندنی بیروباوەڕی ئایینی دەبێ بە خواستو ئیختیاری باوك و دایکی قوتابی بێت، لە ئەمریکا تا ١٨ ساڵی دایكو باوك دەتوانن لە ژیانی منداڵەکانی خۆیان بڕیار بدەن، لە پلەی سێهەمی سەرەتایی تا پلەی ٦ قوتابیان دەتوانن بە ویستی خۆیان و بە ئیزنی دایكو باوکیان وانەی مێژووو ئایینی جیاواز بخوێنن و هەروەها سەبارەت بە فێربوونی هەر چەشنە زانیاری لە سەر کێشەکانی جینسی، ژن و پیاو هتد.

ئەگەرچی سیستمی پەروەردەی ئەمریکا بانگەشە دەکات کە هیچ یەك لە ئایینەکان نوێنەرایەتیی ناکات، بەڵام لە واقیع دا بە هۆی سەربەخۆیی قوتابخانە لە پارێزگاکانداو شوێندانەری کۆمەڵگا بە سەر قوتابخانەدا زۆر جاران رێژەی باوەڕمەندان بە یەکێك لە ئایینەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە جەختی زیاتر لە سەر ئاین بکرێت، وەك نموونە رۆژە ئایینەکانی کەلیمیەکان لە نێو ئەو قوتابخانەیانەدا کە قوتابی موسایییەکان زۆرترە، وەك رۆژی فەرمی دەس لە کارکێشان بەرچاوە.

زۆربەی ئایینەکان و ئایدۆلۆژییەکان توانیویانە خۆیان لە نێو کلاسەکانی لاوان و قوتابیان جێگیر بکەن یان بە شێوەیەکی ئاشکرا بیرو باوەڕی خۆیان لە چوار چێوەی کتێبە وانەییەکان لە ژێر ناوی مێژووی ئەو و ئایینی بنووسن و لە لایەکی دیکەوە سیستمی پەروەردەی ئەمریکا ئیزنی ئەوەی داوە کە قوتابخانەکانی ئەمریکی "Poiret school" لە سەر رەزامەندی بنەماڵە لە ژێر چاودێری ئایینە مەزهەبییەکان دا پێك بێت.

پ: پێگەی توێژی لاو، وەك توێژی گۆڕانخوازو ئەکتیڤی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستمی پەروەردەدا تا چەند دەتوانێ شوێندانەر بێت؟

روون و ئاشکرایە کە لاوان و گەنجان رۆڵێکی بەرچاویان لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای خۆیان دا هەیە. هەر چەندە لە کۆمەڵگایەك رێژەی لاوان زیاتر بێت بەو ئەندازەیە توانیویەتی گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگادا زیاتر دەبێت. لاوان و گەنجان چاویان لە داهاتوویەو دنیایەك کە هێشتا نادیارە، هەروەها دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بە سەرچاوەی دێموکراسیو ئازادی راستەقینە لە دنیا دەناسێنێ، تا چ رادەیەك ئەم بانگەشەیە راستە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی روانینی ئێمە بۆ ئازادیو دێموکراسییە. باوەڕمەندان بە سیستمی سەرمایە دەڵێن کە بناغەی ئەمریکا لە سەر بنەمای ئازادی دانراوە، ئازادی ئابووری، ئازادی بازرگانیو باوەڕ بە ئازادی بازاڕ.

لاوی ئەمریکایی مافی دەنگدان و دەنگ وەرگرتنی پێدراوە، دەتوانێ ببێت بە ئەندامی هەر رێکخراوێکی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی چ وەك ئەندام چ وەك چالاکوانێك. بەڵام هەروەها دەزانین لە ئاکامدا تەنیا دوو حیزبی سەرەکیو لایەنگران و ئەندامانی ئەوان دەتوانن لە گۆڕانکاری بەرچاو لە ئەمریکادا رۆڵیان هەبێت. من دەمەوێ بڵێم کە سیستمی سیاسی دەتوانێ بۆچوونی گۆڕانخوازانەی لاوان لە ژێر چاودێری خۆی بگرێت. لاوو گەنجی ئەمریکا تا لە قوتابخانە دایە بێ باوەڕی بە ئایینو مەزهەب نیشان دەداتو پێش لەوەی بچێتە کالێج، بیرو باوەڕی سۆسیالیستی یان لایەنگری مافی مرۆڤ دەبێ، لە کالێج دا خۆڕسکێنی دەبێ و بەدوای کالیج دا دەیهەوێ وەك سەرمایەدارێك بژیو دەگەڕێتەو بۆ ئەو هەموو

> **روون و ئاشکرایە کە لاوان و گەنجان رۆڵێکی بەرچاویان لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای خۆیان دا هەیە. هەر چەندە لە کۆمەڵگایەك رێژەی لاوان زیاتر بێت بەو ئەندازەیە توانیویەتی گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگادا زیاتر دەبێت. لاوان و گەنجان چاویان لە داهاتوویەو دنیایەك کە هێشتا نادیارە**



# سیستمی پەروەردەو لاوان

دەستکوتانەی کە لە قوتابخانەدا لەسەر سەرمایداری خوێندویەتی. شۆڕشگێڕی لاوی ئەمریکا لە زانستگاکان دا بە دوای تەواو کردنی زانستگا لە بیر دەچێتەوەو ئەوان دەگەڕێنێتەوە بۆ نێوەرۆکی ئەو سیستمە کە باری هێناون.

پ: وەك هەڵاواردنی رەگەزیو جینسی نەتەوەیی هەموو کات بۆتە هۆی سەرلێشێواوی کۆمەڵو کەمتر بایەخیان پێدراوەو هەمووکاتیش ئەم چەشنە هەڵاواردنانە بۆتە هۆی سەر هەڵدانو شۆڕشە مەزنەکان، لە سیستمی پەروەردەشدا هەمان هەڵاواردن هەبووە تا چەند وڵاتی ئەمریکا ئەو هەڵاواردنەی کەمرەنگ کردووە؟

و: ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتەمای فرەنەتەوەیی، فرە ئایینیو فرەرەگەزیی پێك هاتووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە هێزی سیاسیوئابووریو کۆمەڵایەتی بە هەر چەشنە فرەرەگەزیو فرەنەتەوەیی دابەش کرابێت. ئەگەر چاوێك بەسەر مێژووی ۵۰۰ ساڵەی ئەمریکادا بخشێنین بە جوانی چۆنیەتی ئەم هەموو جیاوازیانە دەبینین، ئەم وێنەیە کە ئێمە ئێستا لە ئەمریکا دەیبینین زۆر بە ئاسانی نەکێشراوە. دەیان میلیۆن مرۆڤ گیانی خۆیان لە شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا یان شەڕەکانی نێوخۆی باشووریو باکوور لە دەست داوە، هەزاران مرۆڤ گیانیان لە دژایەتیی لەگەڵ سیستمی کۆیلەداری بەخت کردووە، ئەمەنی یاسای دژ بە رەگەزپەرەستی لە ئەمریکاو یەکسانی مافی مەدەنی کەمتر لە یەك سەدەیەو هەر بەو چەشنە زیاتر لە ۸۰ ساڵ لە مافی دەنگدانی ژنی ئەمریکایی تێپەڕ نەبووە. گۆڕینی بیرو باوەڕی کۆمەڵگا کاریگەریی ئاسایی نیە جار هەیە کە دەیان ساڵ دەبێ تێپەڕ ببێت تا بیروڕای گشتیی دان بە مافی راستەقینەی چینو توێژێك دابنێت. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ۵۰۰ ساڵ لە دۆزینەوەی ئەمریکا رەش پێستێك ئیزنی خۆ هەڵبژاردنی بۆ سەرۆك کۆماری ئەمریکا پەیدا کردووە. هێشتا کۆمەڵگای پیاوسالاری ئەمریکا ئیزنی زیاد بوونەوەی رێژەی ژنان لە نێو دەسەڵاتی ئەمریکا نەداوە. رەگەزی سپی ئەمریکا هێشتا خۆی باشتر لە سپی پێستی کۆچبەری ئەمریکای لاتین دەزانێ. ئەگەر وەك کۆمەڵناسێك چاویلکەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی چاو لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین بە جوانی شەڕو تێکهەڵچوونو ناکۆکی نێوان رەگەزەکان، ئایینە جیاوازەکان، ئیدئۆلۆژیەکان دەبینین، بەڵام ئەم شەڕە وەك ئاگری ژێر خۆڵەمێش وایە کە دەستی لە گۆڕانکاری کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکا هەیە.

لاوانی ئەمریکا لە ۱۰ ساڵی داهاتوودا دەتوانن رۆڵێکی سەرەکییان لە گۆڕانکاری سیستمی سیاسیو ئابووری ئەمریکادا بێت.

نزیك بە ۸۰ میلیۆن لاوو گەنجی ئەمریکا تا ساڵی ۲۱۱۸ دەچنە نێو بازاڕی کاری ئەمریکاوە، بە هۆی رێژەی تەمەنی زۆر لە نێو کۆچبەراندا بەشێکی زۆر لەمانە لە بنەماڵەی کۆچبەرانداو ئەمە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیستمی ئابووریو سیاسی ئەمریکادا دێنێتە ئاراوە. دروشمی گۆڕانکاری"change" کە ئێستا لە میدیای ئەمریکاو لە نێو سیاسەتوانانی دیموکرات خراوەتە بەرباس، شنەبای پێش سێڵاوی پاییزە.

